# هاوار و تكا بەس شتمان لێ بشارنەوە !

**شاخەوان عومەر سلێمان**

shaxawin@yahoo.com

وێڕای ئەو شەپۆلە زۆرەی نارِازیبوون و گومانكردن و بوونی پرسیاری گەورە ، لەسەر تاكتیك و شێوازی سەرانی سیاسی حیزبەكان لە پەیوەندی بە ستراتیژیەتی سیاسیە عەرەبەكان لە عێراق و ئەو جالە كوردستان بەتایبەتی تر ، كە هەندێك جار ئەو بۆچونەی رۆژنامەنووسان و رۆشنبیران لە لایەن سەركردایەتی كورد ، بە ناواقیعی و دورلەمەنتیق و كورتبینی لێكدانەوی بۆ دەكرا ، وا ئێستا تۆز تۆزە خەریكە هەڵسوڕاوان و كاربەدەستانی ناو گۆڕەپانی سیاسی كوردستان بادەدەنەوەو دێنەسەر هەمان ڕای خەڵكان ، بەئاشكراو راشكاوی رایدەگەێنن كە ، مامەڵەی كورد لەگەڵ تێگەیشتنی عەرب لە عێراق ، ئیدی بەتەواوی بەبن بەست گەیشت و بۆتەگرێ كوێرە ، بۆیە گەر ئەمڕۆش نەلوێ و دەستیان نەڕوا بەیانی كە كەوتنە سەرپێ و تاقەتی خۆیان بەدەستی مالكی و موتڵەگ و حەكیم و سستانیەكان ژیانێك دەبینین كە چی وا لە چەرخی حوكم ڕانی سەدام ئافاتی كەمتر نابێت .

ئەم راگەیاندن و لێدوانانەش تاو نا تاوێك ، راستەوخۆ و ناراستەو خۆ لەدەمی هەندێك بەرپرسی كورد دەرژێت ، جا نازانرێت داخۆ ، سەركردایەتی خۆمان بۆ لەمەوپاش بەتەمایە چیدیكە شت لەخەڵكی كوردستان نەشارنەوەو ئەوەی دەیزانن و رووبەڕویان دەبێتەوە یەكسەر ئێمەی پێ ئاگاداردەكەنەوە ، یان تەنیا لەزاردەرچون و قسەلەدەم رۆیشتن ئەم حەقیقەتانەیان پێدەدركێنێ .

گەر نیازیان وایە چیتر شتمان لێ نەشارنەوە ئەوا هێشتا باشترە و پەشیمان بونەوەو راستكردنەوەی هەڵە جۆرێكی دیكەی سەركەوتنی سیاسیە ، بەلاّم خۆ گەر تازە خەریكە بەرامبەركانیان دەناسن ، دەڵێین ، بەداخەوە ئێوە پاش سەدان ساڵ ئەزموونكردن و نوسشت و سەروكاری لەگەڵ رەوتی عەرەبی شیعەو سونی عێراق و دیتنی دەیان رووداو بۆنەو كارەساتی هاوبەش لەگەڵیاندا، كەچی تازە بەتازە ، لەوە نزیك دەبنەوە كە بەقەدەر تێگەیشتنی كەسێكی سادەو ئاسایی سەرشەقام لە مەرامەكانیان دەگەن .

مایەی خەمێكی گرانە ، لە وەتای پەیكەری سەدام لەساحەی فیردەوس لە بەغدا كەوتوە و تابەم رۆژە دەگات ، هەر عەربێكی سوننەو شیعی ، كە بەقەدەرای منداڵێكی شەرمن و ترسنۆك ئیردەی هەبووبێت و بەدەم و پل بوبێت ، بەرۆژی ڕوناك و بە بەرچاوی زومی كامێراكانەوە ڕقابەری توندی كوردستان و دەرەتانەكەی دەكات و بەهەڕەشەو چاو سوركردنەوەو نیشاندانی بەچكە گورگ دەماترسێنێ و گەر بەمرۆش نەبێت ، بەو دەستەلاّتەی كە لەداهاتوو دا بەنیازن ببنەخاوەنی ، پەنجەمان لێ رادەوەشێنن و بەهەزار شێواز و تاكتیكی جودا جوا زەربەمان لێدەدەن و لێمان تێكتردەدەن .

بەلاّم سەرانی سیاسی خۆمان لە جێگەی ئەوەی هەر لەیەكەم رۆژەوە خەڵكیان لە ناساندنی ئەوان و مەقسەدەكانیان ئاگادار و وشیاركردبایەوەو بەرچاو رونیەكیان بدابا ، تاوەكو هیچ نەبێت رایەكی گشتیان بۆ پشتیوانی خۆیان دورستكردبا ، بە پێچەوانەوە هەمیشە پاساویان بۆ مەبەسەكانیان داتاشیوەو بەردەوام وێنەیەكی دیكەی ئەوانیان بۆ ئێمە كێشاوە ، كە لەحەقیقەتدا ئەو ئادگارانەی ئەوان دەیكێشن بۆ ڕووی تەیاری عەرەبی سەد قات عەكسی واقیعی خۆیەتیان .

ئێستاش هەرچەند درەنگیشە، بەلاّم تا زوتر فریاكەون و هەوڵبدەن و رێگەبكەنەوە لەبەردەم مینبەرەكانی راگەیاندن و كەناڵەكانی بلاّوكردنەوە ، دەركەون و راشكاوانەو بێ پێچو پەنا چیتان لەدڵ دایەو چۆنتان وەلاّم دەدرێتەوە و چیان لەدەستناون لێمانی ئاگاداركەنەوەو راستی و دورستی كێشەو باسەكانمان بۆ بخەپێشچاو لە بەرژەوەندی داهاتوماندایە.

بەبیرمە لە دوای راپەڕین و دامەزراندنی حكومەتی هەرێم بە ماوەیەكی كەم پاش ئەو كاتە ، هەردوو سەركردەی كورد سەرۆكی هەرێم و مام جەلال سەردانێكی دەرەوەی وڵاتیان كردو چەند سەركردەو سیاسیەكی دەستڕۆشتوی ئەوروپایان بینی ، لە گەڕانەوەیاندا كاك مەسعود كۆنگرەیەكی رۆژنامەوانی گرێداو تیادا زۆر راشكاوانە گوتی ( راستیەكەی وەعدو بەڵێنی زۆریان پێداوین ، بەلاّم ئایا تاچەند جێ بە جێی دەكەن ئەمەیان ئێمەش نازانین ) لەو ساكەوە تاوەكو ئەمڕۆ

كه نێوانیان زیاتر له 14 ساڵی دور و درێژی پڕ سەبر و ئارامی خەڵكی كوردستانە له نێو ژان و زوخاوەسگیدا، لە گەڵ جیاكردنەوەی سەرۆكی كوردستان ، كه كەمتر له لێدوانی راگەیاندنەكان دەردەكەوێت ، بەردەوام سیاسیەكانمان دەڵێن ( سەركەوتنی باشمان بڕیوەو هەنگاوی گەورەمان ناوەو هی بچوكمان لە پێش ماوە ، بەرامبەرەكانیشمان واتە شیعەو سونەكان تاڕادەیەك تێگەیشتنی پێویستیان بۆ كێشەكەمان هەبووە ) بەلاّم بەچەند ساتێك دوای ئەمانە لە پڕێكا ( حارس ئەلزاریەك ، موتڵەگێك ، مەشعانێك ) لە جەزیرە یان ئەلعەرەبیە و شرقلئەوسەت قسەیەك دەكەن كەهیچ بەعسیەكی خولاّم كارەو كاسەلێسی پەنجا ساڵەی بەر قاپی سەدام ، دەمی لە كوفری وانەداوە و ئەوندە پێی هەڵنەبڕیوە .

لە سیاسەتدا ، وەكو خوێندومانەتەوەو زانیومانە مناوەرەو تاكتیك و شت شاردنەوە و بادانەوە لەگەڵ ئەولایەنەی كێشەیەك لە بەیندا هەیە زیرەكی و ژیریە ، بەلاّم بەكارهێنانی ئەم جۆر سیاسەتە لەگەڵ خەڵكی خۆت رەفتارێكی پڕمەترسیەو ئاكامی ماڵویرانی و گرفتاریە ، ناخوازین سیاسیەكانی خۆمان بەناراستگۆ و فریودەر بناسێنین ، چونكە ئەنجام سوكانی ئەو كەشتییە چارۆگەدارە لە رزۆكەی ئێمە سەرنشینەكانینی بەدەستی ئەوانە ، بەلاّم دەمانەوێت بڵێین وەكو خۆتان كە لەناختانەوە تاچەند بڕواتان بە بەرامبەرەكانتان هەیە بەهەمان تۆن و هەمان بارستایی خەڵكەكەش ئاگاداربكەنەوە چونكە ئەمەیە دڵسۆزی و ئەمەكداری بۆ خەڵك نەك پەنادان و شاردنەوە و پەردەپۆشكردنی راستیەكان.